توندترین ئازاردان لەلای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ لەسەر ئەوانەیە کە خۆیان دەچوێنن بە اللە لە خولّقاندندا

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هاتە ژوورەوە بۆ لام، ومن دۆلّابێکم بە پەردەیەك داپۆشی بوو ؛ کە وێنەی لەسەر کێشرا بوو، کاتێك بینی پچڕانی وڕەنگی گۆڕا، وفەرمووی: «ئەی عائیشە، توندترین ئازاردان لەلای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ لەسەر ئەوانەیە کە خۆیان دەچوێنن بە اللە لە خولّقاندندا»، عائیشە دەڵێت: «دڕیمان وکردمان بە سەرینێك یان دووان».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- چووە نێو ماڵەکەی بۆ لای عائیشە، دۆلّابێکی بچووکی هەبوو کە هەندێك شتومەکی تێدا دادەنا؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بینی بە قوماشێك ئەم دۆلّابەی داپۆشیووە کە وێنەی ڕۆح لەبەری لەسەرە، بەهۆی تووڕەبوونی لەپێناو اللە ؛ ڕەنگی گۆڕا ولایبرد، وفەرمووی: توندترین ئازاردان لەلای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ لەسەر ئەوانەیە کە خۆیان دەچوێنن بە اللە لە خولّقاندندا. عائیشە دەڵێت: بۆیە ئێمە کردمان بە سەرینێك یان دووان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5931